
## ژنێک لە چاوەڕوانی گودودا ... نەجات روستی

Darbiz11@hotmail. com



ئەوە دەمەی بەرەو مەنفا ریگای گرتە بەر بە قەدهەموو دونیا بیم ناخوشبو، جونکە دەم زانی خویدەداتە دەست قەدەروسەری خوی بۆ شوینکی نادیار هەلدەگری و بەرەو چارەنوسێکی وندە رێدەکا، ئەو چرکە ساتانەی مالئاوای لیکردین ومناڵە چاوگەشەکانی لە باوەشگرت هەستم کرد ئیدی ژیانی من کوتاییە، بەزیندوییەتی وبەزۆردەم هاوێنە ناوگۆرێکی تاریکەوەوخۆلم بەسەردادەکەن، هەرواشبو، ئێستا من لە زیندنێکی کراوە دەژیم، نازانم چون رۆژ دەبیتە شەوە چون تەواو دەبێت، ئەوەندە چاوەرێم کرد خەریکە چاوی چاومروانیم ژەنگ هەڵدێنێت، ئەوکاتەی دەمەوێت پەیوەندی تەلە فۆنی لەگەڵ بگرم، هەرجاری بیانوێك دەدۆزیتەوەجاری واش هەییە هەر وەلامم ناداتەوە، جاری دەلی: توانا خەرجیم نییەتۆ بژینم یان بتهێنمە ئێرە، ئەو پارەی پەیدای دەکەمو دەستم دەکەوی لە کری ریگای گەیشتنم دەدەمەوە و هەر بەشی خۆم دەکات، دواجار لە لە یەکی لە سەنتەرەکانی شارپەیوەندیم پیوە کرد، کاتە تەواو بیی ئومیدبوم کە ئیدی جارێکی تر نابییەوی ژیان لە گەل من بەسەربەرێت، ئەوکاتەی پیم ووت چارەێکم بکە زۆرززگارم کە لەم تەنیاییە، بیباکانە وتی:چارەی چی؟ چارە هەر ئەوەییە لە یکتری جیا ببینەوەکە گوێم لەوقسە ییە بو دونیا لە بەر چاوم تاریکب لە کابینەی سەنتەرەکە بورامەوەو منالە چاو گەشەکەشم لە باوەش کەوتە خوارەوە، هەر ئەوەندەم گوی لێبو کە منالەکەم قیژاندی ئتر لە هۆش خۆم چوم. . کاتك هاتمەوە هۆش خۆم لە سەرقەنەفێکیسەنتەرەکە راکشابوم، چاوم هەڵینا منلە کەم لە باوەشی کارمەنێکی کچی سەنتەرکە بو کە منی بینی خەندێك هاتە سەر لێوانی واتی (دا) جارێکی تر چومەوە کابینەکە بۆ ژمارەکەم دوبارە لێداییەوە پاش چاوەروانێکی زۆ وەلاممی نەبو، لە و رۆژەوە تائستا کە چوار سالە چاوەری دەکەم نە پەیوەندیم لە گەل دەگریو نەتەلاقنامە م بو دەنیریتەوە.

ئەو سەرەوەقسەی ژنێکی مێرد هەندەرانییە کە ماوە 5 سالە جێهشتووە، نە خەرجیان بۆ دەکات نەلێشی جیادەبێتەوە.